# لەنێوان هەڵوێستی "بارزانی-تاڵەبانی" و سەرکردەیەکی عەرەبدا!!

کوردە گەلاوێژ

ماوەیەکی درێژە کاتێ سەرکردەکانی کوردی باشوری کوردستان دەچنە دەرەوە بەگشتی، ئێران و تورکیا بەتایبەتی، بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین و قێزەوەنانە لەبەردەم دوژمنانی گەلی کورد و بە کوردانی ئەو بەشانەدا دەرشێنەوە، هەر ئەوەشە تاڵەبانی و بارزانی کردۆتە بابەتێکی کۆمیدیای سەر مانشێتی ڕۆژنامەکان و سەردێری ئاژانسەکانی هەواڵ. سەرباری ئەوەی کەسانی نیشتیمان پەروەر و خاوەن هەڵوێست هەموو کاتێ ئەو بابەتەیان ڕەخنەکردووە، بەلاَم بێ هەڵوێستی، ترسنۆکی و دوو ڕویی ڕۆشەنبیرە سەختەکانی باشوری کوردستان هێژای شەرمەزاریە، کە لەپێناوی چلکاوێک چاو لە سەرجەم ڕەفتارەکانی ئەو دوو سەرکردە داسەپێنراوە ئەپۆشن کە لەبەرامبەر گەلی کورد ئەنجامی دەدەن.
ڕۆشەنبیری باشوری کوردستان کە بەتەنیا لە ڕیزکردنی ووشەی جوان ڕۆشەنبیرە، دەتوانێ بەڕۆژان لەسەر دوو وشەی جوان یان ناشیرین، چەمکێکی سیاسی، ناوچەگەرێتی، و هتد.... قسە بکات، دەتوانێ دەیان بابەت لەسەر شتی پڕوپوچ بنوسێ، بەلاَم هیچ کاتێک ئامادە نیە ئەو دەمامکە لەسەر چینی خیانەتکاری زەبەلاحی باشوری کوردستان هەلگرێت و ڕووە ڕەشە ڕاستەقینەکانیان نیشانی جەماوەر بدات. ڕۆشەنبیری بەناو ناسیۆنالیستی باشوری کوردستان کە لە گەوهەردا نە ناسیۆنالیستە و هیچ پەیوەندی بە وولاَتپارێزییەوە نیە، دەتوانێ زۆر بەخۆ باوەڕانە گاڵتە بە بێ هەڵوێستی سەرکردەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکات، بەلاَم لەبەر ئەوەی خۆی و گەلەکەی فریو ئەدات، تەنانەت بۆ ماوەی یەک خولەک ئامادە نیە بچێتە بەردەم ئاوێنەو تەماشای دەمو لوتی خۆی بکات و چڵکنی و ناشیرینی خۆی نیشانی خۆی بدات. بەشێکی زۆری ڕۆشەنبیر و نوسەر و هونەرمەندانی باشوری کوردستان کە کەسایەتی و پرەنسیپی مرۆڤایەتیان لەدەست داوە، بەئاشکراو بێ شەرمانە دەبنە دەمڕاستی حزب و سەرکردە و ڕووە ڕەشە چڵکنەکانیان لەژێر ناوی نەتەوە، ئالاَی نەتەوەیی و کەرکوک و شتی بەو شێوەیە حەشار دەدەن.
ئەم جارەشیان وەک هەموو جارەکانی پێشو لە ڕێکەوتی 07-09-2004 دا کاتێ تاڵەبانی و بارزانی بوخچەکانی خۆیان بەرەو "ئەنکەرە"ی پایتەختی تورکیا پێچایەوە، زەنگی خیانەت لەبەردەم گوێی کورد زرینگایەوە، هەردوو سەرکردەکە لەبەرچاوی گەلی کورد دۆستایەتی و دڵپاکی خۆیان نیشانی کاربەدەستانی تورک داو، بەپێچەوانەشەوە لەبەر چاوی دەوڵەتی تورکیای فاشی، بێ بایەخی و بەهەندوەرنەگرتن و قینی خۆیان نیشانی گەلەکەیاندا.
کاتێ سەیری گەلانی تری دراوسێ و سەرکردەکانیان دەکەین، بۆ نمونە ولاَتێکی وەک "مسر" و حکومەتەکەی کە چەندین ساڵە هاوپەیمانی ئەمریکا و ئیسرائیلن و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدان لەگەڵی، تەنانەت پەیوەندیەکانیان بە سەدان جار لە پەیوەندی "ی ن ک" "پ د ک" پتەوتر و ستراتیژی ترە، بەلاَم تا ئێستا بۆ جارێکیش ئامادەنین نەبە گوتار و نەبە کردەوە دان بەوەدا بنێن کە ڕێکخراوێکی وەک حەماس یان حزب الله تیرۆریستە، بەڵکو ڕەخنەیان لێ هەبێت و کەیفیان بە چارەی یەکتریش نایە، بەلاَم ئامادەنین بەشێک لە نەتەوەی خۆیان یان حزبێکی سەربەو بەشە بە تیرۆریست بزانن، هەرچەندە هەندێ چالاکی سەربازی فەلستینیەکانیش بەخۆی ئەوەی کەسانی سڤیل دەکەنە ئامانجی خۆیان بکەونە خانەی تیرۆریشەوە.
کەسایەتیەکی وەک سیستانی کە بەو دواییە بەدەرکەوت کەسایەتیەکی سیاسی ئیسلامیەو زۆر بەوردی و دوربینانە سیاسەت دەکات و ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە ئەمریکاوە نەبێ، ئەوا بێ شک و گومان پەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆی توند و تۆڵی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەویش بەهیچ شێوەیەک کەیفی بە چەهری سەرۆکی یاخیبووی شیعە "یەدر" نایە، بەلاَم بەهیچ شێوەیەک ئامادە نیە یەدر و داروودەستەکەی وەک گروپێکی تیرۆریست ناوزەد بکات، لە هەمان کاتدا لە "ی ن ک" "پ د ک" یش باشتر سیاسەت دەکات و لە گەلێک شوێن چۆک بە سیاسەتی ئەمریکادا دەدات، لەهەمان کاتدا کەسایەتیەکی گران و سەنگینە و لەبەرامبەر نەتەوە و ئاینەکەی بەڕێزە.
سەرۆک کۆماری عێراق "غازی عەجیل ئەلیاوەر" کە کەسایەتیەکی عەشیرەتی عەرەبی سونیەو لە لایەنی ڕەگەزی و ئەتنیکیەوە هیچ پەیوەندیەکانی بەکوردەوە نیە، کاتێ ماوەیەک بەرلە ئێستا وەک سەرۆک کۆماری عێراق سەردانێکی فەرمی بۆ تورکیا

ئەنجامدا، لەبەردەم ڕۆژنامەوانەکاندا ووتی؛ کێشەی کەرکوک کێشەی ناوخۆی عێراقە هیچ هێزێک پەیوەندی بە کێشەکەمانەوە نیەو دەرفەت نادەن کەسی دەرەوە دەست لە کێشەکە وەربدات، سەبارەت بە پرسیاری هەڵوێستتان لەبەرامبەر کۆنگرەی گەل "ئەلیاوەر" ووتی؛ ئێمە ئێمە نامانەوێ هیچ هێزێک لە سنوری ئێمە هەرەشە لە دراوسێکان بکات. ئەلیاوەری سەرۆک کۆماری عێراق و بەرەگەز عەرەبی سونی، بەو شێوە سیاسیە وەڵامی پرسیاری کاربەدەستانی تورک و ڕۆژنامەوانانیان دەداتەوە.

بەڵام کاتێ مرۆڤ سەیری شکل و شێوەی سەرکردەکانی کوردی باشوری کوردستان دەکات لەکاتی سەردانییان بۆ ئەنکەرە، تەواو ڕویان تێک دەچێت و ئەوەندەی تر لەبەرچاوی گەل خۆیان ناشیرین دەکەن، نیشانەی ترسنۆکی و بێ وورەییان بەنێوچاوانەوە ئەوەستێ.

ئەمجارەشیان هەردوو شۆڕەسواری کورد جەلالی تاڵەبانی و نێچیری برازای مەسعودی بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی تورک دەمیان دەناو دەمی یەک نایەوەوە و لولەی تفەنگەکانیان کە بەتەنیا لەبەرامبەر کورد تەقە دەکات ئاراستەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی باکوری کوردستان کردەوە، نێچیروان بارزانی و جەلال تاڵەبانی کە هەریەکەو لەکاتێکدا و بەجیا چونە ئەنکەرە، ئەو هیواو ئاواتانەی دەوڵەتی تورکیایان هێنایەدی کە چەندین ساڵە بەهیوایەتی، هەردوو سەرکردەی باشوری کوردستان بێ ئەوەی حسابێک بۆ مێژوو بکەن و شەرم لە خوێنی شەهیدانی باکوری کوردستان بکەن کە هەر ڕۆژ کچان و کوڕانیان بەدەستی جەندرمە توشی تەجاوز، سەربڕین، لوت پەڕاندن و سەدان ڕەفتاری تر دەبنەوە، سەرکردەکانی شۆڕشی چەواشە ئەم جارەش وەکو جاران بێ ئەوەی شەرم لە بەرخۆدانی مێژوویی شەهید "مەزلۆم دۆغان-زەکیە ئەڵکان- زیلان و عەگید بکەنەوە، بێ ئەوەی ئاوڕێک لە بەرخۆدانی لەیلا زانا و هەڤاڵەکانی بدەنەوە، مۆری خۆیان لە مێژوی ڕەشی خۆیانداو، جارێکی دیکە دووپاتیان کردەوە، کە ئەوان هەرگیز پەشیمان نین لە نۆکەرایەتی کردن بۆ دوژمنان و بەردەوامن لەسەر تیۆری "ئەگەر شۆڕشمان پێ نەکرێ پێمان تێک ئەدرێ".